# ئاوڕێکی جوانیناسانە لە "خەوەبەردینە"ی سوارە ئیلخانیزادە

بابەتی هونەر و لە چوارچێوەی هونەردا باسی ئەدەبیات، باسی ئەو گەنجینە کۆتاییهەڵنەگرەی واقعیەتە کە هونەرمەند و نووسەر کاری تێدا دەکات، بەڵام دواجار ئەوەی لەو واقیعە بەرهەم دێت مەودای بەرفراوانی مانا و جیهانی بەرینی جوانییە. لەم باسەی ئەمڕۆماندا من ناوەندی سەرنجم باس کردن لە جوانیی "خەوەبەردینە"یە. سەرەتا باس لەوە دەکەم کە سەرچاوەکانی جوانیی خەوەبەردینە چین، هەم لە ئاستی مێژوویی، هەم لە باری پێوەندیی نێوان شێعری و دواجار خودی شێعرەکە لە ئاستی دەقیدا هەڵدەسەنگێنم و لە ئاخێزگەکانی چێژ و جوانیی ئەو دەقە دەدوێم.

## دەقی شێعری خەوەبەردینە:

**لە چەشنی گەرووی کەو**

**کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری**

**پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی**

**تەرەی باوەشی تاسەباری بناری**

**شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە**

**لەسەر ڕوومەتی ماتی بووکی ڕەزاسووک**

**بە تینی بتاوێنی ڕوانینی زاوا**

**گەرمتر لە پڕشنگی تاوی بەهاری**

**وەکوو نەرمەهەنگاوی لاوی بەرەو ژوان**

**لە جێ ژوانی زیندوو بە گیانی کچی جوان**

**وەکوو گەرمەیاوی قەشەی دەستی تاراو**

**لە بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ**

**بەخوڕ خۆ بە دیواری کێوا ئەدا ئاو**

**لەگەڵ گاشەبەردا سەر ئەسوێ سەر ئەسوێ.**

***

**کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە**

**لە ئەنگوستە چاوی دڵی خێوی کێوا**

**بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە.**

**گەرووی ویشک و چاوی سپی چاوەکانی**

**دەرووی ڕوونی ئاوە**

**بە فانۆسی ئەستێرە بەرچاوی ڕوونە**

**لە بەرپێی حەریری کەوەی سێوەڕە**

**بە پۆی مانگەشەو چندراوە.**

**ئەڵێی بورجی خاپووری مێژووی لەمێژین**

**لە درزی هەزار خشتی ڕۆژ و شەوانی**

**دڵۆپەی چپەی پۆلی پەریانی دادا**

**ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگوریشتەی قەدیمی**

**لە ئەندامی تاپۆی وەکوو بوومەلێڵی**

**سنووری شەوی دوێنێ ئەوڕۆی بەیانی**

**پەچەی قورسی نسیانی ئینسانی لادا**

***

**ئەڵێی دەنگی شمشاڵە ڕەشماڵی دۆڵی دڕیوە**

**شەماڵی دەرەی دوورە شاری**

**پشووی پڕ لە عەتری بەهاری کچی کورد**

**بە بلوێری شووشی گەرووی زەرد و زۆڵی**

**لە زەنوێری زێوی ئاژنی سای زرینگانەوەی شەو**

**بە خوڕ زەمزەمەی هەڵبڕیوە**

**بە ئیعجازی ئەنگوستی پاکی موحەممەد**

**شەتی نوور بە ڕووی مانگی عەرزا کشاوە**

**ترووسکەی برووسکەی شەوی دەم بەهاری بە هەورە**

**لەسەر عاسمانی زەوی ڕاخوشاوە.**

**لە هەر گاز و ڕێبازێ وا گازی ئاوی ئەگاتێ**

**نیازی هەزاران گەزیزەی بەنازی وەدی دێ**

**ئەبووژێتەوە داری چاکی بەودمی هەناسەی**

**شنەی نەرمە لاوێنی دەم بای ئەخاتێ.**

***

**ئەڵێن تاجی زمڕووتی دووڕگەی لە سەر ناوە دەریا**

**هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە، شەپۆلە**

**لە بوونا لە چوونا**

**بەئاهەنگە سەربەندی بزوێنی خۆشی**

**لەبەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ**

**ئەڵێی: هانی هەستانە دەنگی خرۆشی**

**سروودی خوناوەی بەهارە لە گوێما**

**لە هەر شیوە جۆبارێ هەر دەشتە چۆمێ**

**لە دڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەیشتن**

**لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەر چوو**

**زەمانی تەریکیم**

**ئیتر خێر و خۆشی لە ڕێما**

***

**وەهایە:**

**کە کانی بەهیوا**

**بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا**

**بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەر بەهارێ**

**کە ڕائەچڵەکن سەوزەڵانی**

**لە خاکینە خەونی گرانا**

**لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە:**

**کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ وەنەوزە.**

***

**لەبەر نووری خۆرا**

**گەلێ کوێرەکانی شەوارەن**

**زنەی دەم بەهاواری هاری درۆزن هەزارن**

**کە تەسلیمی سیحر و تەلیسمی بنارن**

**بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن**

**بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری**

**ڕەها بن**

**لە زیندانی بەردینی غارا.**

**کەچی، وا کەوی و دەستەمۆی دەستەڵاتی ڕکەی دۆڵ و شیون**

**لەبەر سامی ڕێ وا بەزیو و تەزیون**

**لەگەڵ گۆچی کردن گزنگێ،**

**چەواشەن لە پێچی نزارا.**

***

**هەتا بیری تاڵی گڕاوێ**

**بە دڵما گەڕاوە**

**هەتا یاد ئەکەم ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە**

**ئەڵێم سەد مخابن**

**وەجاخێ کە ڕووگەی هەزاران نزای شینە باهۆی بەتاسەن**

**وەبووژێنەوەی هەست و هان و هەناسەن**

**چلۆنە کە بیژووی گڕاوان ئەبینن**

**لە نێو چاوی ئەو خانەدانە**

**لەهی چۆنە پیتی بڕاوە؟**

**نە سۆزەی بلاوێنی میری، خوناوەی بەهاری**

**نە تووکی برای ڕێبواری**

**لە کاسی خەوا، فێری ڕاسانی ناکەن**

**لە مانا، بە ئامان و بریا**

**پەشیمانی هەرمانی ناکەن**

**وەهاگەی لەشی بەوگە بەردینە گاوی دراوە**

**کە حێلێکە، کۆڕژن و حیلەی نەماوە**

**وەهایە کە هەر گیایە لەو دەشتە شینن**

**لەسەر ماتەمی ئاوە بەردینە، سەرشین و سەرگەرمی شینن**

***

**گەلێ گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن**

**بە ڕوویا گەلا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون**

**گەمارۆی زەلی نێزە، وا تەنگی پێ هەڵچنیون،**

**کەبێ دەرفەتی پێکەنینن بەسەد بەرزگی زەردە ماسی**

**لق و پۆپ و هەشگەڵ**

**وەها دەور و پشتی تەنیون**

**کە بێ فرسەتی چاوەبڕکێ**

**لەگەڵ عەرشی پاکن**

***

**هەتا جۆگە ئاوێ بە وشکی دەبینم**

**ئەڵێی مێرگی ڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵە**

**بەکووزی تەمەن جاڕەجوانێکی پڕ خەوش و خاڵە،**

**تەشەنداره جەرگی برینم.**

**بەڵێ: دووره گەرمێنی دەریا**

**بەڵێ: وایە کانی هەژارن**

**ئەزانم**

**ئەوانەی کە پاراوی ئاون بژارن.**

**ئەزانم لە ڕێگا،**

**مەترسی گەلێ ژەنگ و ژارن.**

**بەڵام کاکە ئەو گشتە عەقڵی خەسارن**

**لە ناو ئەو هەموو ئاوە هەر چاوەیەک**

**باوی هەنگاوی خۆشە**

**بە تەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالی ڕێیە**

**هەوەڵ مەنزلی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە**

**ئەزانێ لە هەڵدێره هانی بەهێزی**

**لە ئەسکوند و چالایە هەڵدان و گێژی**

**پەرۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزی**

**ئەزانێ لەپێ ناکەوێ پێیە پێلاوی تاسەی پیاسەی لە پێ بێ**

**نەوەستان دەوەستێ بە دەستێ**

**کە خاراوی ئێش و سواوی سوێ بێ**

**لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە**

**ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و باژوێ، تا بژی تا بمێنێ**

**هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە.**

**١٩٧٠ – ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

## ئاورێکی جوانیناسانە لە "خەوەبەردینە"ی سوارە ئیلخانیزادە

**عەبدولخالق یەعقووبی**

٣٧ ساڵ لە مەرگی کاک سوار تێدەپەڕێ(ئەم بابەتە ساڵی ٢٠١٢ نووسراوە)، کاک سوارێ کە تەنها ٣٨ ساڵ ژیا و لەو دەرفەتە کورت و دەرەتانە کەمەیدا بۆ ژیان بەرهەمێکی وەکوو "خەوەبەردینە"ی پێشکەشی ئەدەبیاتی کوردی کرد. لە راستیدا من نامەوێ لێرەوە بچمەوە سەر ئەو هەستە گشتییەی کە ئێمە هەمانە بە نیسبەت ئەدەبییاتی خۆمان، بەو مانایەی کە زۆر جار هێندێک لە دەقەکانمان زۆر لەوەی زیاتر هەن دەنرخێنین یان بێ لێکدانەوەی ڕەخنەکارانە دەیانرخێنین. لێرەدا خوێندنەوەی من بۆ "خەوە بەردینە" خوێندنەوەیەکی ڕەخنەکارانەیە و هەوڵ دەدەم لە ڕێگای کۆمەڵێک باسوخواسی تیۆریکەوە سەر بە جیهانی "خەوەبەردینە"دا بکەم، بەڵام راشاکاوانە ئەوەش دەڵێم کە "خەوە بەردینە" یەکێک لە شاکارە گەورەکانی ئەدەبیاتی دنیایە و شایانی خۆیەتی زۆر زیاتر باسی لێ بکرێت و ئاوڕی لێ بدرێتەوە.

ئەوەی راستی بێت، بابەتی هونەر و لە چوارچێوەی هونەردا باسی ئەدەبیات، باسی ئەو گەنجینە کۆتاییهەڵنەگرەی واقعیەتە کە هونەرمەند و نووسەر کاری تێدا دەکات، بەڵام دواجار ئەوەی لەو واقیعە بەرهەم دێت مەودای بەرفراوانی مانا و جیهانی بەرینی جوانییە. لەم باسەی ئەمرۆماندا من ناوەندی سەرنجم باس کردن لە جوانیی "خەوەبەردینە"یە. سەرەتا باس لەوە دەکەم کە سەرچاوەکانی جوانیی خەوەبەردینە چین، هەم لە ئاستی مێژوویی، هەم لە باری پێوەندیی نێوان شێعری و دواجار خودی شێعرەکە لە ئاستی دەقیدا هەڵدەسەنگێنم و لە ئاخێزگەکانی چێژ و جوانیی ئەو دەقە دەدوێم.

من پێم وایە تا ئێستاش مەترسییەکی گەورە کە لە سەر ئەدەبیات بووە و لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا خوویا بووە ئەوەیە کە بەردەوام هەوڵ دراوە پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان ئایدیالۆژی و داهێنانی ئەدەبیدا بدۆزرێتەوە. بە تایبەت لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا ئەو چتە زۆر بەرجەستەتر دیارە، چونکە ئەدەبیاتی ئێمە بەردەوام لە ژێر تەئسیری ئەو بارودۆخە تراژیکە سیاسییەدا بووە کە میللەتەکەمان تێیدا کۆڵەوارانە ژیاوە. ئەگەر دوور نەڕۆین، هەر ئەم شێعری "خەوە بەردینە"یە ئەوەندەی تا ئێستا قسەی لە سەر کراوە، ئەوەی راستی بێت، زیاتر بە دیدێکی ئایدیالۆژیک باسی لێ کراوە و خوێندراوەتەوە. ئەگەر رێم پێ بدەن و خوازەیەکی جوانی "جورج لوکاچ" بە قەرز وەربگرم ، لە راستیدا، "خەوە بەردینە" شەرابێک بووە کە هێندە ئاوی ئایدیالۆژییان تێکەڵ کردووە، ئەو شەرابە تراو بووە و تامی ئەسڵەکەی نادات. زۆر جار جوانییەکانی "خەوە بەردینە"، وەکو دەقێکی داهێنەرانەی ئەدەبی، بووە بە قوربانی کۆمەڵێک خوێندنەوەی ئایدیالۆژیک و دواجار هەڵەی میتۆدیکیشی لێ کەوتووەتەوە. بۆیە باس کردن لە بەرهەمێکی ئەدەبیی وەکو "خەوە بەردینە" وەک مانیفێستێکی ئایدیالۆژیک یان تەنانەت خواست و ویستی هێزێکی ئایدیالۆژیک، بە بڕوای من یەکەم شت کە زەرەرمەند دەبێت خودی دەقی "خەوە بەردینە" بووە. وەک "ئانتینیو گرامشی" دەڵێ، ئەو ئەسڵە کە تەنها دەبێ لە تایبەتمەندیی هونەریی بەرهەمێکی ئەدەبی بکۆڵدرێتەوە، خۆی بە هیچ کلۆجێک رەتکەرەوەی ئەو خاڵە نییە کە بێین لەوە بتۆژینەوە و بزانین چ هەست و تێڕوانینێک، چ بیر و ئەندێشە و فەلسەفەیەک لە بابەت ژیان لە خودی بەرهەمەکەوە بە دەست دێت. واتە، باس کردن لە "خەوە بەردینە"، دۆزینەوەی فەلسەفەی دەقی "خەوە بەردینە"، خۆی بەشێکە لە ئەرکی رەخنەی ئەدەبی. بەڵام ئەو شتەی کە رەت کراوەتەوە و ئەو شتەی کە لە رەخنەی ئەدەبیدا نەگونجاوە ئەوەیە کە بێین بڵێین بەرهەمێک لە سۆنگەی ناوەرۆکی ئەخلاقی یا ناوەرۆکە سیاسییەکەیەوە جوان بێت یان جوان نەبێت، نە لە سۆنگەی ئەو فورم و پێکهاتە و ئەو جیهانە ماناداڕەی کە لە نێو فۆرمەکەیشدا رووداوەتەوە. من لێرەدا دەخوازم باس لە فورم و پێکهاتەی خەوە بەردینە بکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا لەو جیهانەش بکۆڵمەوە کە "خەوەبەردینە" وەکو مەعنا، وەکو فەلسەفە، و تەنانەت وەکو بیرکردنەوەیەکی ئایدیالۆژیکیش، چونکە هەموو دەقێک بیرکردنەوەی ئایدیالۆژیکی خۆشی هەیە. کە واتە، باسی من ئەمڕۆ ئەوەیە کە بزانم فۆڕمی دەقێکی وەکو "خەوەبەردینە" کە دەقێکە زیاتر لە حاڵەتی سیمبۆلیزمی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەدۆزێتەوە،چ پێکهاتەیەکی هەیە؟

وەختی خۆی "ئێزراپاوند" دەیگوت پرسیاری رەخنەکارانە لە سەر شێعر ئەوەیە: "ئەرێ ئەو شێعرە بایی ئەوە دەبێ بخوێنرێتەوە؟" لە راستیدا، "خەوە بەردینە" شێعرێکە کە هەڵگری زۆر جۆر خوێندنەوەیە و ئەگەر بمهەوێ باس لە پێکهاتەی خودی "خەوە بەردینە" بکەم ناچارم بگەڕێمەوە نێو ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە خەوە بەردینە تێیدا سەری هەڵداوە وئاسۆی تێڕوانینێک لە مەوقیعیەتی "خەوە بەردینە" وێنا بکەین و دواتر بچینە نێو خودی دەقەکەوە.

**وەک دەزانن لە مێژووی شێعری کوردیدا تا ئێستا چوار فۆرم تاقی کراوەتەوە:**

یەکەم فۆرم: فۆرمی شێعری وتاری یا بەیتی (ئەدەبی بەیت)

دووهەم فۆرم: فۆرمی شێعری هیجایی یا بڕگەیی (بۆ نموونە، ئەو قوتابخانەیەی کە مەولەوی تاوەگۆزی شێعری تێدا نووسیوە)

سێهەم فۆرم: فۆرمی شێعری عەرووزی بووە(کە وەک دەزانن لە "مەلای جزیری"ەوە دەست پێ دەکات و دێتە سەر "خانی" و دواتر "قوتابخانەی بابان" و "قوتابخانەی مۆکریان" دەگرێتەوە.)

فۆرمی چوارەم: ئەو فۆرمە بووە کە کەسێکی وەکو "گۆران"، لە باشووری کوردستان، و "سوارە ئیلخانی زادە" لە کوردستانی رۆژهەڵات کاری لە سەر کردووە و بە شێعرەی نوێ بە ناوبانگە.

ئەوەی راستی بێت، تەئسیری "خەوە بەردینە" لە سەر ئێمە دەمانباتەوە سەر ئەوەی کە لەوە بکۆڵینەوە "خەوە بەردینە" ئەزموونی خۆی لە کام ئاخێزگەی جوانییەوە وەرگرتووە؟! پێش ئەزموونی "خەوە بەردینە"، سوارە ئیلخانیزادە ئەزموونی گۆرانی لە بەر دەست بووە و هەروەها ئەزموونی شاعیرانی کلاسیکی نوێی وەکوو "هێمن" و "هەژار"ی لە بەر دەست بووە. لە هەمان کاتیشدا، بە حوکمی ئەوەی سوارە لە نێو فەزای رۆشنبیریی فارسیشدا چاوی پشکوتووە، ئەزموونی نیما و شاعیرانی دوای نیماشی لە بەر دەست بووە.

ڕەخنەکاری بەڕێز، کاک "ڕەهبەر مەحموودزادە"، لە وتارێکی کورتیدا باسی ئەوە دەکات کە لە نێوان ئەو چەند ئەزموونەدا، سوارە لە ژێر تەئسیری ئەزموونی نیمادا بووە و پێی وایە کە ئەوەی لە شێعری "خەوە بەردینە" و شێعرەکانی دیکەی سوارەدا کراوە، جۆرێک تەئسیر وەرگرتن و تەعامولی فۆرمی بووە لە نێوان شێعری سوارە و شێعری نوێی فارسی، کە نیما پێشەنگایەتی کردووە. کاک ڕەهبەر تەنانەت نموونە دێنێتەوە و دەڵێ، ئەو حاڵەتی گوفتاری و وتارییەی کە لە شێعری سوارەدا هەیە تا ڕادەیەکی زۆر، بۆ نموونە، لە شێعری "فرووغ فەرۆخزاد" وەری گرتووە، یا تەنانەت نموونە دێنێتەوە دەڵێ لە شێعری "سۆهراب سپێهری" وەری گرتووە. دیارە من لەگەڵ ئەوەدا هەم کە "سوارە" زۆر زیرەکانە ئاگای لە ئەزموونی گۆران بووە، ئاگای لە ئەزموونی شێعری فارسیش بووە، بەڵام بەراستی ئەو کارەی "سوارە" کە لە پانتایی شێعری کوردیدا کردی بە هیچ شێوەیەک لە باری ساختاری و پێکهاتەییەوە نزیکایەتییەکی ئەوتۆ یا تەئسیر وەرگرتنێکی ڕاستەوخۆی لە گەڵ شێعری نوێی فارسیدا نەبووە.

بیرۆکەی من ئەوەیە کە ئەزموونی سوارە بە گشتی و شێعری "خەوە بەردینە" بە تایبەتی، کە من پێم وایە سەرچڵی شێعرەکانی کاک سوارە یە، ئەزموونێکە لە "شێعری بەیتی" یان لە "شێعری وتاری"ی کوردیدا ریشەی داکوتاوە. بە وتەیەکی دیکە، فۆرم و پێکهاتە لە "خەوە بەردینە"دا جۆرێک دۆناودۆن کردن یان گۆڕانکاری بە سەرداهێنانی شێعری "وتاری" و "بەیتی" بووە. واتە، بە پێچەوانەی ئەزموونی نیما کە تێیدا نیما لە شێعری کلاسیکی فارسی دابڕا و بناغەی شێعری نوێی فارسی دامەزراند، سوارە لە شێعری نوێی کوردی و لە "خەوە بەردینە"دا گەڕاوە بۆ میراتێک کە لە مێژووی شێعری کوردیدا و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەبووە و ئەویش "شێعری وتاری یان بەیتی" بووە. کە واتە، سوارە، بەو مانایەی کە نیما کردی، گۆڕانکاری لە شێعری کلاسیکدا دروست نەکرد، و تەنانەت ئەگەر سەرنجتان دابێت لە وتارەکانی خۆیدا دژایەتی لە گەڵ شێعری عەرووز دەکات و پێی وایە شێعری عەرووز لە گەڵ سروشت و لە گەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و مرۆڤی کورد و چێشکەی ئەدەبیی ئێنسانی کورددا زۆر جیاواز و تەنانەت دژوازە. بۆیە ئەو شتەی ئەو لە "خەوە بەردینە"دا کردی، بە بۆچوونی من، جۆرێک گەڕانەوەیە بۆ سەر ئەدەبی بەیتی یان ئەدەبی وتاری. سوارە ویستی جارێکی دیکە و لە قاڵبێکی مۆدێرندا و بە فۆرمێکی مۆدێرنەوە میراتێک لە ئەدەبی کوردی ببوژێنێتەوە.

کەواتە سەرنجی خۆم من بەم شێوەیە چڕ دەکەمەوە: شێعری عەرووزی کوردی زمانی شێعریی لە حاڵەتی زارەکی بەیتەوە گواستەوە بۆ حاڵەتی نووسراو. هەڵبەت شێعری عەرووزی کوردی لەگەڵ بەیت کارلێک و دانوستانیشی بووە. بۆ نموونە، "مەم و زین"ی خانی کە لە قاڵبی عەرووزدا نووسراوە خۆی لە بەیتێکی کوردیەوە وەرگیراوە. بەڵام، من بە پێچەوانەی سوارە، پێم وایە شێعری عەرووزی کوردی وا نەبووە کە شتێک بێت دژ بە رۆحی کۆمەڵگای کوردی. من پێم وایە شێعری عەرووزی کوردی پێداویستی جۆرێک لە بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتی بووە کە سەرەتای سەرهەڵدانی چەشنێک لە نوخبەی کوردی بووە، کە ئەو نۆخبە کوردیە دیارە زۆرتر پیاوانی ئایینپەروەر بوون. سوارە، پێم وایە، لە دیدێکی نیمچە مارکسیستییەوە باس لە شێعری عەرووزی کوردی دەکات و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە شێعری عەرووزی کوردی لە راستیدا نوێنەرایەتی چینێکی باڵادەستی کۆمەڵگای کوردی کردووە، ئەوانەی کە لە دیوان و دەرباری میرنشینە کوردییەکان دادەنیشتن. بەڵام من پێم وایە ئەو نوخبە کوردییەی کە لە واقیعدا لە نێو دنیای شێعری کلاسیکی فارسی و عەرەبی و تورکیدا چاویان پشکووت وەک "نالی" و "مەحوی" و "سالم" جۆرێک لە پێداویستیی کۆمەڵایەتی پاڵی پێوە نان بۆ ئەوەی کە بەرهەمهێنی شێعری عەرووز بوون.

من پێم وایە شێعری عەرووزی کوردی ئەو حاڵەتەی نییە کە کاک سوارە باسی کردووە، بەڵام هەرچی بێت کاک سوار ئەو دیدەی خۆی دەردەبڕێ و لە سەر ئەساسی ئەو دیدەش پێم وایە دنیای فۆرم و پێکهاتەی "خەوە بەردینە" دادەڕێژێ، واتە ئەدەبیتێک کە لانیکەم مانا و مەبەستەکانی بۆ جەماوەر بن، نەک تەنیا بۆ نوخبە. کاک سوار ویستوویەتی لە "خەوە بەردینە"دا بە شێوەیەکی مۆدێڕن جارێکی دیکە ئەدەبییات بکاتەوە بە حاڵەتێکی جەماوەری یانی ئەدەبییاتی مۆدێڕن بێنێتە نێو جەماوەرەوە. لە "خەوە بەردینە"دا تۆ دەبینی جۆرێ لە خۆ نزیک کردنەوە لە رۆحی جەماوەریی خەڵک دەبینرێ، هەڵبەت لە فۆرمێکی مۆدێڕندا و بە ناوەڕۆکێکی بە تەواوی مۆدێڕنیشەوە.

بۆ ئەوەی باسەکەم هەمووی زۆر تیۆریک و گشتی نەبێت، لێرەدا بەراوردێکی زۆر خێرا دەکەم لە نێوان کۆپلەیەک لە "خەوە بەردینە" و پاژێک لە بەیتی "خەزێم" و باس لەو خاڵانە دەکەم کە خاڵی هاوبەشن لە نێو دەقی "خەوە بەردینە"دا و لە نێو دەقی بەیتی "خەزێم"دا. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە لە راستیدا هەوڵی تیۆریکی سوارە کە ئەوە بووە ئەدەبیاتی مۆدێڕن بگەڕێنێتەوە نێو جەماوەر، بیگەڕێنێتەوە نێو تێگەییشتنی عام، ئەو هەوڵە بە چ شێوەیەک

دەتوانین باســـی بکەین ؟ کۆپلەیەک له "خەوه بەردینه" و گۆشـــەیەک له "بەیتی خەزێن"تان بۆ دەخوێنمەوه و پاشان باسی چەند خاڵێک دەکەم.

**کۆپلەیەک له "خەوه بەردینه":**

**بەڵێ دووره گەرمێنی دەریا،**

**بەڵێ وایه کانی هەژارن،**

**ئەزانم ئەوانەی که پاراوی ئاون بژارن،**

**ئەزانم له ڕێگا مەترسی گەلێک ژەنگ و ژارن، بەڵام کاکه ئەو گشته عەقڵی خەسارن،**

**له ناو ئەو هەمووه ئاوه**

**هەر چاوەیەک باوی هەنگاوی خۆشه،**

**به تەنیا ئەوه شارەزای کۆسپ و کەنداڵی ڕێیه، هەوەڵ مەنزڵی زێیه ئاواتی بەرزی زرێیه.**

**کۆپلەیەک له "بەیتی خەزێم":**

**سێسەد وەستا بێ له دریا زێ،**

**شیست بێ له مووسڵێ چل له شیرازێ،**

**کراس بدوورێ له گوڵی پیوازێ،**

**دەبلا تەنک بێت ناسک و شلک بێت بۆ بووکه نازێ،**

**گەلی برادەران با گوێ بدەینه لەو باسه، تەماشای ئەو کوڕه چەندە ئیخلاسه،**

**له دنیای روون بوو به غەواسه،**

**له سوێی ئەو کچه بوو کەڕ و کاسه،**

**نازانم هیندییه یان نه بڵباسه؟!**

## سەرنجەکان:

یەکەم سەرنج ــــــــ پێکهاتەی گێڕانەوەی هەردوو دەقەکە، پێکهاتەیەکی وتارییە یا بە راوێژە فارسییەکەی گوفتارییە. بۆ نموونە، سەرنج بدەنە ئەو چەند دێڕە: " بەڵێ دوورە گەرمێنی دەریا، بەڵێ وایە کانی هەژارن" ئەو جار ســــەرنج بدەنە: " ئەزانم ئەوانەی کە پاراوی ئاون بژارن، ئەزانم لە رێگا مەترسی گەلێک ژەنگ و ژارن". دووپات کردنەوەی "بەڵـــــــــــێ" و دووپات کردنەوەی "ئەزان......م" جۆرێک حاڵەتی گوفتاری دەدات بە شێعرەکە، یانی شێعرەکە لە حاڵەتی خیتابێکی، با بڵێین، خاوەنی ئۆتۆریتە و دەســەڵاتدارانە دادەبەزێنێ و دۆســتانەتر و ســادەتری دەکات و ســـەرنجی بەردەنگەکە بۆ لای خۆی رادەکێشــێ بۆ ئەوەی کە هەســت بە نیزیکایەتیی زیاتر بکات لە گەڵ دەنگی دەقەکە.

هەر ئەو شـــتە بە جۆرێک لە دەقی بەیتی 'خەزێم"یشــــدا دەبینرێت. بۆ نموونە، ئەو دەورەی کە کاری "بێ" لەم رستانەدا دەیگێڕێ: " سێسەد وەستا بێ لە دریا زێ، شیست بێ لە مووسڵێ" کە تێیدا لێرەدا دەبینی فاعیلەکە (بکەرەکە) خۆی کۆیە، بەڵام کارەکە تاکە. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو دەقانە لە حاڵەتی گوفتاری (ئاخافتن ئامێز) نزیک ببنەوە و جۆرێک حاڵەتی هاودڵیی گوفتاری نێوان دوو کەســـی تێدا بێت و لە راســـتیدا ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەقی بەیتە کە پێم وایە لە "خەوە بەردینە"شدا دووپات بووەتەوە.

سەرنجی دووهەم ــــ کەڵک وەرگرتن لە شێوازی خیتابی (رووەو بەردەنگ). " بەڵام کاکە ئەو گشـــتە عەقڵی خەســـــارن" لە دەقێکی مۆدێڕندا لە کتوپڕ وەگێڕ وە دەنگ دێت و روو دەکاتە بەردەنگەکەی و بە شـێوەیەکی زۆر ســەمیمی و راســتۆکانە پێی دەڵی، " بەڵام کاکە ئەو گشــتە عەقڵی خەســارن". هەمان تەکنیک لە بەیتدا زۆر باوە و زۆر دەبینرێ، وەکو " گەلی برادەران با گوێ بدەینە لەو باسە".

ئەم جار چاو لە مۆدێلی ســــەروا بکەن، کە لەم دوو جۆر ئەزموونە جیاوازەدا زۆر لە یەک نزیکە. لە شێعری کاک سواردا " هەژارن، بژارن، ژەنگ و ژارن" کە کەمێکیش بە شێوەی زنجیرئاســــا و بەرودوا هاتوونەتەوە. لە هەمان حاڵدا، لە بەیتی "خەزێم"یش ئەو زنجیرئاســـــا بوونە دەبینرێ: "دریازێ، شیرازێ، پیوازێ، نازێ". لە راستیدا، کاک سوار زۆر گرینگی داوە بە ســەروا لە شــێعری مۆدێڕنی خۆیدا و ئەو گرینگییە بە لای منەوە ســەرنج راکێشــە، چونکە لە شێعری مۆدێڕندا، شاعیر تەنها لە جێگایەک سەروای بۆ گرینگە کە هەست بکات سەروا دەتوانێ

بەشێک بێت لە شێعرەکە، بەشێکی زیندە و ئۆرگانیک، کە دەورێکی کارای دەبێت لە پێکهاتەی جوانی ناسانەی دەقەکەیدا و تەنیا ئامێرێکی رووت نەبێت بۆ رازاندنەوەی جامخانەی فۆرمی شێعرەکەی. بەڵام لێرەدا، دەبینین کاک سوار بە جۆرێک بەرێوەبەرایەتیی سەروای کردووە، سەروای وەکو سەنعەتێک، وەکو جوانکارییەکی زۆر موهەندیسی کراو هێناوەتە نێو شێعرەکەیەوە. کورت و کورمانجی، "خەوە بەردینە" ئاکامی هەڵگەڕانەوە لە شێعری کلاسیکی کوردی و خوڵقاندنی فۆرمێکی سەرلەبەر نوێی شێعری نییە، بەڵکو ئەنجام و دەستکەوتی گەڕانەوەیە بەرەو شێعری وتاری یان شێعری بەیتی، کە لە دوو توێی بەیتی کوردیدا دەبینرێت، و لە بنەڕەتدا تێکەڵ کردنی ئەو قاڵب و فۆرمەیە بە ناوەرۆکێکی زۆر سەردەمیانە و مۆدێرن. چونکە ئەگەر ئێوە، بۆ نموونە، سەرنجی ئەو ناوەرۆک و بیرۆکەیە بدەن کە لە "خەوە بەردینە"دا هەیە، واتە حەرەکەتی نەتەوە یان میللەتی خەوتووی کورد یان، بە تەعبیرێکی زۆر گشتیتر، سەرلەبەری کۆمەڵگەی ئینسانی بەرەو زەریای ئازادی و رزگاری، دەبینن زۆر زۆر جیاوازە لە تەواوی ئەو ناوەرۆک و بیرۆکانەی کە لە شێعری بەیتیدا هەیە، کە پتر بە دەوری واقیع و کێشەکانی سەردەمی ئاژەڵداری و کشتوکاڵیی خەڵکی کورددا دەخولێتەوە. لە راستیدا، کاک سوار پێداویستیی سەردەم و بە تایبەت نیازی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگای کوردیی لە "خەوە بەردینە"دا لە قاڵبی ئەو ناوەڕۆک و مانایانەی کە باسی دەکا جێ کردووتەوە.

نموونەی دووهەم کۆپلەیەک لە شێعری "خەوە بەردینە" و کۆپلەیەک لە شێعری "میهر و وەفا" یە. ئەم نموونەیەش زۆر بە کورتی و زۆر بە وردی و خێرایی باس دەکەم و دواتر دەچمە سەر لێکدانەوەیەکی خودی "خەوە بەردینە" بە گشتی.

**کۆپلەیەک لە بەیتی "میهر و وەفا":**

**دەرکی ماڵی باوان بە گوڵ و هەڵاڵە و سێوەڕە، شەرت و نەزری من چل مەڕە،**

**چومکی ئەو کارە بە کەیفی من وەرگەڕا،**

**لە سەر سینگی ئەو کیژەی خڕ کردووە جووتێ لیمۆی تەڕە،**

**کە بێت و بزانن میر و بەگلەران لەسەر ئەو لیمۆیەی شەڕە.**

**کۆپلەیەکی "خەوە بەردینە":**

**کچی نوور قەتیسی دەستی دێوی کێوە،**

**لە ئەنگووستە چاوی دڵی خێوی کێوا**

**بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە،**

**گەرووی وشک و چاوی سپی چاوەکانی**

**دەرووی روونی ئاوە،**

**بە فانۆسی ئەستێرە بەر چاوی روونە،**

**لە بەر پێی حەریری کەوەی سێوەڕە**

**بە پۆی مانگەشەو چندراوە.**

ئەو نەحو و سـیـنتاکسـی زمانە کە لە رسـتە شـێعرییەکانی دەقی "میهر و وفا"دا هەیە زۆر سـادەیە، بەڵام لە راسـتیدا دێڕە شـێعرییەکانی "خەوە بەردینە" لە باری پێکهاتەییەوە پڕ پێچ و پەنا و لە باری ماناییەوە نوێن. بۆ نموونە، سـەرنج بدەنە ئەو شـوبهاندنانەی کە لە "خەوە بەردینە"دا هەیە؛ "دێوی چێو، شـاری دەریا، فانوسـی ئەسـتێرە" یان خوازەی "کچی نوور" کە خوازەیەکە بۆ ئاو، یا سـەرنج بدەنە ئەو شـێوازی بە کارهێنانەی وشـەی سـێوەڕە. لە بەیتی "مێهر و وەفا"دا وشـەی سـێوەڕە زۆر بە سـادەیی گوڵێکە لە پەنا گوڵ و هەڵاڵە و سـێوەڕە، سێوەڕە گوڵ و هەڵاڵەیە، بەڵام لە شێعری کاک سواردا سێوەڕە لە نێو کۆمپلێکسێکی مەعناییدا شاردراوەتەوە و وای لێ کردووە کە زۆر قابیلی تەئویل بێت:

لە بەر پێی حەریری کەوەی سێوەڕە بە پۆی مانگەشەو چندراوە.

نامهەوێ باس لە مەعناکەی بکەم بەڵام سـەرنجتان رادەکێشـم بۆ ئەوەی کە رسـتەکە وەکوو نەحو سـادەیە. ئەوە تەعبیرەکانە کە شـێعری خەوەبەردینەی مۆدێڕن کردووە. ئەو کارەی کە کاک سـوار کردوویەتی لە راسـتیدا من پێم وایە کارێکی زۆر تازە بوو و پێش کاک سـوار نەکرابوو و تەنانەت "گۆران"ی شـاعیریش کە وەک ناوبانگی دەرکردووە لە راسـتیدا دەستپێکەری بزووتنەوەی شێعری نوێ لە کوردیدا بووە، نەیکردووە؛ بۆچی؟! چونکە "گۆران"

لە باشترین شێعرەکانیشیدا لە ژێر تەئسیر و ئەفسوونی شێعری کلاسیک نەهاتووەتە دەرێ. ئێوە بۆ نموونە بڕواننە شێعری "سکالاً", بڕواننە شێعری "جیلوەی شانۆ":

**لە جەرگی پەردەوە تک تک دڵۆپێ عوود ئەڕژا،**

**بە نووکی تەئسیری طەرەب ئەهاتە خرۆش**

**تالیعی سروور ئەپژا**

**بە ئاهی دڵگیری**

**کەمان شەهیق و زەفیری فریشتەی ئەلحان**

**ئەکەوتە ناو دڵی مردووش هەناسەی هەیەجان**

یانی تۆ لێرە دەبینی تەئسیری شێعری کلاسیک، فۆڕمی شێعری کلاسیک، نەحوی زمانی شێعری کلاسیک، هەموو ئەوانەی بە سەر شێعری "گۆران"ەوە کە یەکێک لە شاکارەکانییەتی دیارە؛ بۆ؟! چونکە لە راستیدا ئەوەی کە "گۆران" کردی دابڕان بوو لە بەشێک لە میراتی شێعری کلاسیک، ئەو شتەی کە سوارە کردی گەڕانەوە بوو بۆ شێعری بەیتی. بۆیە دوو جۆری جیاوازی نوێ کردنەوە دەبینین. وەکو پێم وتن قوتابخانەی مۆکریان یەکێک لەو ئەزموونانە بوو کە لە بەر دەستی سوارە بوو و سوارە تەنانەت دوستایەتیشی لەگەڵ هێندێ لە شاعیرانی قوتابخانەی مۆکریان هەبووە کە دەزانین قوتابخانەی مۆکریان جۆرێک لە بەردەوامیی قوتابخانەی بابان بووە، هەڵبەت بە خۆماڵیتر کردن و جەماوەریتر کردن و پەتیتر کردنی زمانی شێعرییەوە. بەڵام یەک شت کە ئەم قوتابخانەیە نەیکرد و ئەوە سوارە بوو ئەو بۆشاییەی بینی ئەوە بوو کە زۆر جار بە جەماوەری کردنی ئەدەبیات و شێعر لە قوتابخانەی مۆکریاندا بووە هۆی وەلا نانی ڕێژەیی جوانیەکانی شێعری و داگەڕان بەرەو چەشنێک سادەیی و سانایی لە زمان و مانادا، ئەو شتەی کە بۆ نموونە لە زۆربەی شێعرەکانی "هەژار"دا دەبینرێ. یانی سادە و جەماوەری کردنی ئەدەبیاتی قوتابخانەی موکریان ئەو تەم و مژەی جوانییەی کە دەبێ بە سەر شێعرەوە هەبێت ڕەواندەوە، و بووە هۆی ئەوەی سوارە پێی وابێ لە ئەدەبیاتی عەرووزدا بە هەر فۆرمێکی بێت، چ فۆرمی قوتابخانە بابانییەکەی، چ شێوەی قوتابخانە موکریانییەکەی بۆشاییەک هەیە. سوارە پێی وابوو چێشکەی مرۆڤی کورد لە گەڵ شێعری عەرووزدا یەک ناگرێتەوە، بۆیە بۆ دارشتنی بەردی بناغەی "خەوەبەردینە" رووی کردە شێعری بەیتی. کە

واته، سواره پشتی کرد له میراتێکی ٤٠٠ ساڵەی شێعری عەرووز و گەڕایەوە بۆ سەر میراتی شێعری بەیتی.

ئەمه بەشـــی دووهەمی کۆڕەکەمان بوو که هەوڵم دا به جۆرێک مەوقعییەتی شـــێعری "خەوه بەردینه" له نێو فەزای شێعری کوردیدا پێناسـه بکەم. بەڵام ئێسـتا دەمهەوێ باسـێک له فۆرم و پێکهاتەی خودی "خەوه بەردینه" بکەم و خوێندنەوەیەکی نێو دەقیم هەبێت و چەند تایبەتمەندیی گرینگی "خەوه بەردینه" دەسـتنیشـان بکەم که ئەو شـێعرەیان کردووه به شـێعرێکی مۆدێڕن و شێعرێکی قابیلی تەئویل.

یەکەم تایبەتمەندی که من له "خەوه بەردینه"دا بینیومه و پێم وایه له زۆر شـــێعری کوردیدا هەیه, بەڵام بەو شـێوه سـەرکەوتووانه که له شـێعری "خەوه بەردینه"دا بینیومه دانەبەزێنراوه مەسـەلەی پاژبینییه (جزئی نگری). مێژووی ئەدەبییات وەک "گۆته"ی ئاڵمانی باسـی دەکات له سەر بناغەی دوو جۆر داهێنانی ئەدەبی دامەزراوه. "گۆته" دەڵێت: " له نێوان ئەو شاعیرەی که پاژێک له گشتێکدا دەبینێت و ئەو شاعیرەی که گشتێک له پاژێکدا دەدۆزێتەوە جیاوازی زۆره". دەستکەوتی شـێوازی یەکەم؛ یانی ئەو شـاعیرەی که پاژێک له گشـتێکدا دەبینێت، تەمسـیله که تێیدا پاژ یا جۆزء تەنها نموونەیەکه بۆ گشـت، له کاتێکدا شـێوازی دووهەم له گەڵ سـروشـتی شـێعر زیاتر دەگونجێ. له شـێوازی دووهەمدا, یانی ئەو شـێوازه که شـاعیرێک گشـتێک له پاژێکدا دەبینێت؛ باس له پاژ دەکرێت, بێ ئەوەی بیر له گشـت بکرێتەوە بەڵام ئەو کەسـەی که ئەم پاژه به شـێوەیەکی زیندوو تێدەگات له هەمان کاتدا له گشـتیش به وردی تێدەگات. ئەو شته که له "خەوه بەردینه"دا کراوه به بڕوای من ئەوەیه؛ کامێـرای راوی یان بگێڕەوەی "خەوه بەردینه" کامێرایەکه که له سـەر وردترین شـتەکان زوومی کردووه و به پاراوترین زمانی شـاعیرانه پێناسـەی ئەو شـته دەکات که مەبەسـتی شـاعیره. کۆپلەیەکی زۆر وردتان بۆ باس دەکەم:

**له چەشنی گەرووی کەو**

**کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری،**

**پڕی سەوزه بەستەی خرۆشانی باڕی،**

**تەرەی باوەشی تاسەباری بناری.**

شێعرەکە لە "گەرووی کەوەکەوە" دەست پێدەکات، خۆدی "گەرووەکە" پێناسە دەکرێ لە ڕێگای ئەو بەستەیەوە کە لە نێو گەرووەکە دایە، خۆدی بەستەکە دیسان پێناسە دەکرێ بە سیفەتی سەوز، دیسان بەستەکە جۆرێکە لە خرۆشانی بارێ. ئەو جار پێناسەی کەوەکە دەکرێت، کەوێک کە کەوی دۆم بێت، کەوێک کە یەخسیر بێت، کەوێک کە یەخسیری زیندانێک بێت و کەوێک کە یەخسیری زیندانێکی داری بێت. لەو لاوە دیسان کەوەکە تەرەیە، تەرەی باوەشێکە، باوەشی تاسەبارە، باوەشی تاسەباری بنارە. ئەو جۆرە لە وەسفە، ئەو جۆرە لە پاژبینییەی کە لە "خەوە بەردینە"دا کراوە لە ڕاستیدا زۆر فۆرمێکی مۆدێڕنیان بەو شێعرە بەخشیوە و دەشزانین هەموو ئەو شتانە کە سوارە لەم شێعرەدا کردوویەتی دواجار لە پێناوی بەرجەستە کردنی مانایەک دایە، ئەو مانایەی کە تەنیا لە نێو دوو توێی ئیماژ و ئاماژەکانی ئەو شێعرەدا خۆیان مەڵاس داوە و بە هیچ کلۆجێک بە سانایی خۆ بە دەستەوە نادەن.

من لە سەرەتادا باسی ئەوەم کرد کە خوێندنەوەی گشتی تا ئێستا بۆ "خەوە بەردینە" خوێندنەوەیەک بووە کە زیاتر ئایدۆلۆژیستانە بووە و خودی خوێندنەوەی ئایدۆلۆژیستی یانی خوێندنەوەیەکی تەمسیلی یانی خوێندنەوەیەک کە لە سەر گشتەکان پێداگری دەکات. بۆیە دەبینین زۆر گوتراوە "خەوە بەردینە" مانیفێستی باڵێکی سیاسییە کە لە سەردەمی خۆیدا مەسەلەن شکستی هێناوە. ئەوە خۆی یانی بینینی گشتێک لە نێو ئەو شێعرەدا، ئەوە خۆی جۆرێک خوێندنەوەیە بە بێ گومان، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی تەمسیلی و گشتبینانەیە. بۆیە زۆربەی کات خوێندنەوەی گشت تەوەر بۆ "خەوە بەردینە" کراوە: "خەوە بەردینە" باس لە ئازادی دەکات، باس لە ڕزگاری دەکات، باس لە نەتەوایەتی دەکات، باس لە شۆڕش دەکات؛ هەموو ئەوانە ڕاستن بەڵام هیچکام لەمانە ناتوانن حەقی ئەوە بدەن کە "خەوە بەردینە" چەندە پاژبینە. بۆیە من پێم وایە خوێندنەوەی جوانیناسانە خوێندنەوەیەکە کە ڕووی لە پاژەکانە، ڕووی لەو ئیماژ و ئاماژە و واژانە هەیە کە لە شێعردا زۆر بە وردی و زەریفی چێ کراون.

خاڵی دووهەم ئەگەر سەرنج بدەن و من پێم وایە یەکێک لە ڕازە زۆر وردەکانی سەرکەوتنی دەقی "خەوە بەردینە"یە مەسەلەی دەنگی شێعریی لەو شێعرە دایە. نازانم سەرنجتان دابێ یان نا، ئێوە کاتێک شێعری "خەوە بەردینە" دەست پێ دەکەن و دەیخوێننەوە، هەست دەکەن وەگێڕێکی سێهەم کەسە کە شێعرەکە دەڵێتەوە یا خەریکە قسە دەکات، بەڵام کە دەگاتە کۆپلەی:

**ئەڵێی تاجی زومرووتی دوڕگەی لە سەر ناوە دەریا**

**لە کتوپڕ وەگێڕی یەکەم کەسی تاک دێتە نێو شێعرەکەوە:**

**ئەڵێی هانی هەستانە دەنگی خرۆشی، سروودی خوناوەی بەهارە**

**یەکەم جار وەگێڕی یەکەم کەسی تاک دێتە نێو شێعری "خەوە بەردینە"وە:**

**لە چۆما؛ لە هەرشتی وە جۆباریٚ هەر دەشتە چۆمێ،**

**لە دڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەییشتن،**

**لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەر چوو زەمانی تەریکی،**

**ئیتر خێر و خۆشی لە رێما.**

کەواتە دەنگە شێعرییەکە لە کتوپڕ دەگۆڕدرێ. سێهەم کەسی تاک کە لە سەرەتای شێعرەکەدا دەست بە قسان دەکات دەبێتە یەکەم کەسی تاک. لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بینینە ئاراوە کە ئەو یەکەم کەسی تاکە کێیە؟! ئایا خۆدی شاعیرە؟! یان نا، کچی نوورە؛ چونکە پێشتر گوترابوو،

**کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە،**

**بەرەو دەر بەرەو شاری دەریا بەڕێوە**

یانی ئەوە خەریکە کچی نوور حەرەکەت دەکات و دوایی کچی نوورە کە لێرەدا دەڵێ :

**لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەر چوو زەمانی تەریکیم**

ئەوە یەکێک لەو حاڵەتانەیە کە سوارە زۆر زیرەکانە لە شێعرەکەیدا گونجاندوویەتی و بەراستی ڕێگای تەئویلیش بۆ ئێمە دەهێڵێتەوە؛ ئایا ئەوە کچی نوورە؟! ئایا ئەوە دەنگی خودی شاعیرە؟! کەواتە شێوازی تەعامولی سوارە لە گەڵ گێڕانەوەی شێعری لە "خەوە بەردینە"دا یەکێک لەو هۆیانەیە کە بە بڕوای من شێعری "خەوە بەردینە"ی بۆ تەئویل، نەک بۆ تێگەیشتن، قورس کردووە. ئەوەیە کە گێڕانەوە لە خەوەبەردینەدا پڕ پێچو پەنا و ناهێڵی و چەند دەنگییە، ئەمە خەسڵەتی هەر شێعرێکی مۆدێرنە و لە هەمان کاتدا جۆرێک لە جوانیناسیی گێڕانەوەیشی بە شێعرەکە بەخشیوە.

خالێکی تر بابەتی موتیفەکانی ئەم شێعرەیە. سەرنج بدەنە موتیفەکانی شێعری "خەوە بەردینە". دیارە موتیفەکانی زۆرن, واتە ئەو وشـــانەی کە زۆر دەور دەگێڕن لە شـــێعرەکەدا و زۆریش دووپات دەبنەوە. من باســـی دوو موتیف دەکەم: مووتیفی "ئاو" کە دیارە شـــێعرەکە خۆی حیکایەتی حەرەکەتی ئاوە و ٣٢ جار دووپات بووتەوە, بەلاّم لە بەرگ و قالّبی جۆراوجۆردا. رەنگە ئەوەتان ســەرنج نەدابێت کە موهەندیســییەک لە دارشــتنی خودی ئەو موتیفانەدا هەیە کە من پێم وایە سوارە زۆر ئاگادارانە و زۆر وەستا کارانە کاری لە سەر کردووە. شێعری "خەوە بەردینە" بە بڕوای من شێعری سروشت و ئیلهام و خەون و خولیا نییە؛ شێعری ماندوو بوون و بە قەولی ســادقی هیدایەت "ئارەقە کردنی رۆحە". ســوارە مووتیفی ئاوی لە چەندین بەرگ و فۆڕمدا بە کار هێناوە؛ بە شـێوەی "ئاو"، "شــەپۆل"، "چاوە"، "دەریا"، "دلۆپە"، "گۆل"، "شــەت"، "زنە"، "گڕاو"، "کانی"، "جۆبار"، "کەرێز"، "زرێ"، "زێ" و "چۆم". سوارە لەو قالّب و فۆڕمانەدا باس لە ئاو دەکات، بەلاّم خالّی ســەرنج راکێش ئەوەیە کە ســوارە ئەو کارەی بە هیچ کلۆجێک، بە بڕوای من, بۆ چێ کردنی چەشـنێک هەمە رەنگیی وشـەیی و کەلامی نەکردووە. من پێم وایە هەر روالّەتێک لەم وشانە، لەم موتیفانە مەبەستێکی ماناناسانە و ئامانجێکی جوانیناسانەیان لە پشـتە. بۆ نموونە, لەو جێگایەی کە دەیهەوێ خەرمانەیەک لە مانایەکی ئاینی و پیرۆز بە دەوری کۆپلە شێعرییەکەیدا دروست بکات، بۆ وێنە، لە بری "رووبار" یان "چەم" وشەی "شەت" دێنێ:

**بە ئیعجازی ئەنگووستی پاکی موحەممەد**

**شەتی نوور بەرووی مانگی عەرزا کشاوە**

ســـــوارە لێرەدا "شـــــەت"ی هێناوە کە وشـــــەیەکی عەرەبییە و زیاتر لە گەلّ فەزای دینیی ئەم کۆپلەیەدا یەک دەگرێتەوە؛ یا بۆ نموونە، لەو جێگایەی کە دەیهەوێ باس لە جۆرێ ئاو بکات, باس لە ئاوێکی لە پێ کەوتوو، ئاوێکی خەساو، ئاوێکی دۆڕاو، ئاوێکی هومێد لە کیسچوو بکات وشەی "گڕاو" دێنێتەوە:

**هەتا بیری تالّی گڕاوێ بە دلّما گەڕاوە،**

**هەتا یادەکەم ئاو بە ورمە بەردینە کاری کراوە**

دەبینین لێرەدا وشـــەی "گڕاو" دێت کە لە باری مۆســـیقاییشـــەوە لە گەڵ کاری "گەڕاوە"دا لێک دەوەشێنەوە.

موتیفێکی‌تر کـە لە شـــێعری "خەوە بەردینـە"دا هـاتووە و من لە نـاخودئـاگـای دەقی "خەوە بەردینە"وە دەرم هێناوە موتیفی "کچ"ە. لەم شێعرەدا هەشـــــــت جار و لە قاڵبی جۆراوجۆر دا موتیفی"کچ" دووپات بۆتەوە: شـــەرمی کچانە، بووکی ڕەزا ســـووک، کچی جوان، کچی نوور، پۆلی پەریان، کچی سەرگروشتەی قەدیمی، کچی کورد، کیژێکی کاڵ و مناڵ. من پێم وایە ئەگەر لە ناخودئاگای دەقەکە بکۆڵینەوە و ئەگەر مەعنایەکی ســیمبۆلیکی بە کچ بدەین، لێرەدا ســـوارە ویسـتوویەتی "کچ" بکات بە جۆرێک لە سـیمبۆلی حەرەکەت و زایایی و بەخشـندەیی و ژیان، و هەر بۆیە لەو جێگایانە کە باســـی کچ دەکات تۆ هەســـــت دەکەی حەرەکەت هەیە، هۆمێد و هیواداری هەیە:

**(١) وەکو نەرمە هەنگاوی لاوی بەرەو ژوان،**

**لە جێژوانی زیندوو بە گیانی کچی جوان.**

**(٢) کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە،**

**لە ئەنگووستە چاوی دڵی خێوی کێوا**

**بەرەو دەر, بەرەو شاری دەریا بەڕێوە.**

**(٣) ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگروشتەی قەدیمی**

**لە ئەندامی تاپۆی وەکوو بوومەلێڵی،**

**سنووری شەوی دوێنێ ئەوڕۆی بەیانی**

**پەچەی قورسی نسیانی ئێنسانی لادا.**

پرســـیارێک کە دەتوانین دەربارەی موتیفی "مرۆڤ" بە عام لە قاڵب و قەوارەی کچ، لاو، بووک، یان زاوادا بیکەین ئەوەیە کە بۆچی لە دەســـپێکی ئەم شـــێعرەدا ئەوەندە باســـی مرۆڤ دەکرێ؟! بۆچی باســـی خوێنی شـــەرمی کچانە دەکرێ؟! بووکی ڕەزا ســـووک، لاوی بەرەو ژوان، زاوا؛ بۆ باســـی ئەوانە دەکردرێ؟!بە پێی خوێندنەوەیەکی مەعناناســـانە بۆ ئەم بەشـــە، هەســـت دەکەم لە

بنەڕەتدا ئەو شێعرە راستە لە قاڵبی سیمبۆلدا قسە دەکات، راستە ناچار بووە لە بەر سێبەری سیمبۆلیزمی کۆمەڵایەتیدا قسە بکات، بەڵام دواجار ئەم شێعرە جۆرێک لە هیومانیزمی تێدایە؛ یانی گەڕانەوەی هەموو جوانییەک بۆ ئینسان، گەڕانەوەی هەموو خۆشییەک، هەموو ئازادییەک، هەموو رزگارییەک بۆ ئینسان. بۆیە دیمەنی سەرەتای شێعرەکە بە وجوودی ئینسان و بە تێکەڵاوی دوو گەنجی رووەو ژوان یا بووک و زاوا یا گەرمە یاوی قەشەی دەستی تاراو دەست پێدەکات. حوزووری ئینسان، بە بڕوای من، سەروەریی ئینسان و کیانی ئینسانە کە لە "خەوە بەردینە"دا زۆر گرینگە.

تی. ئێس. ئیلیۆت لە شێعردا باوەڕی بە "objective" corelative بوو. ئەم چەمکە بە مەعنایەکی سادە بریتییە لە "مەسەلەی هاوتاسازیی عەینی بۆ مەبەستێکی زەینی لە رێگای ئیماژسازی"ەوە؛ واتە لە نێوان عەینییەت و زەینییەتدا جۆرێک لە یەکسانی هەبێت؛ بۆ؟ چونکە شێعر هەرچەند زەینی بێت کاتێک کە تۆ بە شێوەیەکی عەینی دەیخەیتە بەر چاوی خوێنەرەکەت، لە قاڵبی رووداوێکدا یان لە دوو توێی وینەیەکی شێعرییەوە، کاریگەیتیی جوانی ناسانەی لە سەر زەینی خوێنەرەوە زیاتر و بە بڕشتتر دەبێت. سوارە زۆر بە وردی ئەو کارەی کردووە. نامهەوێ "خەوەبەردینە"تان بۆ مەعنا بکەمەوە، بەڵام بەشێکتان لەو شێعرە بۆ دەخوێنمەوە و خۆتان ئیماژ و وێنەکان بهێننە بەر چاوتان کە سوارە چەندە شارەزایانە ویستوویەتی زەینییەتی خۆی لەوەی کە گۆلێک دەرەتانی بزووتن لە خۆی بستێنێت چی بەسەردا دێت:

گەلێک گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن/ بەڕوویا گەڵا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون/ گەمارۆی زەلی نێزە وا تەنگی پێ هەڵچنیون/ کە بێ دەرفەتی پێکەنینن بە سەد بەرزگی زەردە ماسی/ لق و پۆپ و هەژگەڵ وەها دەور و پشتی تەنیون/ کە بێ فرسەتی چاوەبڕکێ لە گەڵ عەرشی پاکن.

تەواوی ئەو ئیماژانەی کە دەچنە ناو یەکەوە، سادە دەبنەوە و پڕپێچوپەنا دەبنەوە، هەموو ئەوانە دواجار زەینییەتی "خەوەبەردینە"مان بۆ دەردەخەن.

دوا سەرنجم لە سەر ئەو داهێنانە واژەییەیە کە سوارە کردوویەتی و زۆریش شارەزایانە و شاعیرانە کردوویەتی. ئەم دەستەواژانە تەنانەت ئەگەر لە زەمینەی دەقیی خۆشیان دەریان بهێنین، هێشتاش وەک دەنگ و مانا و ریتم و مۆسیقا لە شێعری کوردیدا بێ پێشینەن و بێ هاوتان: "هەناوی بە هەنگاو، سواوی سوێ، هانی بەهێز، هەوڵی هەڵدان، چارانی چار، دەمبە

هاواری هار، خاکینە خەون، تاریکە تاراوگە، بڕوای بەرین، هانی هەســـتان، گەزیزەی بەناز، بەهاری بەهەور، زەنوێری زێوی ئاژن، نسیانی ئینسان، دڵۆپەی چپە".

وەک دوا قســەم لەم کۆڕەدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە سـوارە لە "خەوە بەردینە"دا نموونەی دەقێکی خوڵقاندووە کە تێیدا ســـوننەت و نەریتی ئەدەبی، کە وەک ئاماژەم پێ کرد بریتییە لە بەیتی کوردی و ئەدەبیاتی فۆلکلۆریکی کوردی، و مرخی تاکەکەسـیی خودی شـاعیر، واتە سـوارە، بە ئەو پەڕی کارایی و زایایی و توانایی خۆی گەیشتووە.

دواجـار دان بەوەدا دەنێم کە ئەو خوێنـدنەوەی ئیمڕۆی من تەنیـا توانی دڵۆپێـک هەڵێنجێ لە دەریای بەرینی جوانیی شێعری هەرمانی"خەوە بەردینە".

**هەولێر- بەهاری ١٣٩١/٢٠١٢**

**ســـەرنج: ئەم وتارە لە بنەڕەتدا دەقی لێدوانێکمە لە کۆڕێکی تایبەت، کە ماڵی وەفایی ڕێکەوتی ٢٠١٢/٠٦/٢١ لە گەلەری شاندەر لە هەولێر بۆی ڕێکخستم. (عەبدولخالق یەعقووبی)**